# ئێمە بەدوای دۆستدا دەگەڕێین یان دوژمن ، کامیان !

شاخەوان عومەر سلێمان
shaxawin@yahoo.com

راگەیەندرا کە لە سیاسەتی تازەی ئەمریکادا پێشمەرگە دەنێردرێتە بەغدا،لە رۆژنامەو میدیاکانی خۆشمان گزە گزێك بەر گوێیان کەوتوە کە هەمان بۆن دەدات رەنگە پێشمەرگە بەمەرج و بەندی دیاریکراو بچێتە بەغدا لەم رۆژانەش لیوایەکی عەسکەری کوردستان نێردرایە ئەوێ ، بەلاّم ئاخۆ بڕیارێکی لەم جۆرە گەر بە تەواوەتی جێ بەجێ بکرێت کورد بەهۆیەوە دۆستانی رازیدەکا یان ناحەزانی زێتر لەخۆی توندترو تورەتردەکات ، دەڵێن پەیداکردنی دۆست کارێکی قورسە ، بەلاّم تەقەلاّی دورستکردنی دوژمن زەحمەتی ناوێت ، لەوەتای کورد هەبووە و هەییە دۆستێکی راستەقینەی نەبووە تەنیا چیاکان نەبێت بۆ دوژمنیش تاپێی کراوە تەمبەڵی نەکردوەو لەبەر ئیعتیباراتی هەندێك بەرژەوندەی کەم وکورت خایەن تاهاتوە سەنگەری بەرامبەری گەورەکردوە و زیاتر لایەنی دیکەی بۆ شەڕی خۆی راکێشکردوە ، لە وەتای شەڕی ئەمریکاش لە عێراق بە قۆناغی کەواندنی سەدام گەیشتوە بێ پەراو سیاسی و زۆرێك لە رۆژنامەنووسان و کاربەدەستان کەوتونەتە هەوڵی گەورەی دورستکردنی گوتارێکی بێ سەروبەر و رەشاوێژی بانگەشەکردن ، بۆ دابەشکردنی دۆست و دوژمن بەسەر دولایەنداو راکێشانی دارێکی درێژ بەنێوانیادا ، کە ئەم لایەنەیان پەنامانن و لە لیستی هاوپەیمانەکانمان دێن و ئەوانەی دەکەونە بەرەی چەپیشەوە دووژمنمانن و لە دژمان لە سەنگەردان ، لێرەشەوە یەکسەر لەگەڵ بەعزێکاندا بووینە دۆست ، کە لە مێژووی سی ساڵی چوویدا ، گەورەترین بەرپێنەیان داینێ و زیاتر لەجارێك پشتاو پشتا لە عەرزیان داین ، ئەوانەی لە بەرەی دژ یش حیسابیان بۆکرا ، بێ ئەوەی بە دیاریکراوی تاڵیو ناسۆریەکی ئاشکریان پێمان چێشتبێت لە خۆمانمان هارکردن و لێمان بوون بەئاگر و دۆزەح .

ئەوش کارێکی کردوە کە لە نەزەری سوونەو گروپە تیرۆرستیەکان و تەنانەت میانڕەوەکانیش لە نێوان ئێمەو ئەمریکا کەمترین فەرق نییە ، جا گەر ئەمریکا بۆخۆی قازانجێکی گەورەی کردبێت لە هاتنی بۆ عێراق ئەوا کورد بە هاوپەیمانیەتی لە گەڵیدا هەرخاوەنی ئەو دەستکەوتانەبووە کە لە راپەڕینەکە بەدەستی هێناوە و زیاتری وەچنگ نەکەوتووە ، واز لەوە بێنە زێباری و مام جەلال و بەرهەم لە بەغدا کاربەدەستن ئەوان تاوەکو ئێستاش بەحەرفێکیش قسەو هەڵوێستێکیان بۆ قازانجی نەتەوەو گەلەکەیان نەبووە لەوەتای بەڕەسمی دەست بەکارن .

بۆ وێنە لە سالاّنی رابردوو بەبێ خوێندنەوەی کەمترین ئەگەر و ئاماژەی سیاسیانەو کورترین ئایندەبینی هەستاین بەدژایەتی کردنی ئەو رێکخراو و گروپ و کۆمەڵە سونیانەی ، کە کاری تەقاندنەوەو توندووتیژی لە شارەکانی عێراق دژی ئەمریکاو سوپای عێراقی دەکەن ، لەم رێرەوەشدا ئەدەبیاتی تیرۆر و تیرۆستان و جەماعەتی ئەلقاعیدە سەرتاپای گوتاری میدیایی و سیاسیانەی هەرێمی کوردستانی تەنییەوە ، بە ئەندازەیەك وای لێهات خەڵکی بە وانەی سەرشەقام و کەسانی هاولاّتی ئاسایی و منداڵ و هەرزەکارانیشەوە هەموو زوڵموو ستەم و قەهری بەعسیان لەبیربچێت و لە جێگای ئەوەدا ڤینو بووغزوو خەفەت بەڕوی ئەوگروپانە بتەقێنەوە تا شەڕێکی دەستەو یەخەیان لەگەڵمان هەلگیرساند و کردمانن بە نەیاری یەکەمی خۆمان .

راستە رەنگە ئێمەش لە بەرئەنجامی دەست تێکەڵکردنمان لەگەڵ ئەمریکاو ئاسانکاری کردن بۆی پڕشکێکی ئاگارەکەی ئەوانمان بگەیشتابایەو کەمێك زیانمان بەرکەوتبا ( ئەوەی لە نزیکی کورەی ئاگربێت پڕشکێکی بەر دەکەوێت ) ، بەلاّم تەسەوڕ نەدەکرا ئێمەی کورد بە سنوری ئێستا بەوحەدەی ئەمڕۆ بکەوتاینەتە ریزی ئامانجەکانی سونەتووندڕەوەکان و گروپەکانی دیکەی رێکخراوی ئەلقاعیدە، چونکە رۆشنە ئامانجی ستراتیژی سەرجەمی ئەوانە دەرپەڕاندی سەربازانی ئەمریکایە لە عێراق و تەواوی شەڕ و کوشتارەکەشیان بەو ئاراستەیەدا بردووە،گەرنا هەدەفی تریان گەر هەشبووبێت و درکاندبێتیان رەنگە لە سۆنگە وروژاندنی رقی خۆیان لە لایەن ئێمەوەبووبێت ، گەر لە مووسڵ و بەغداو چەند ناوچەیەکی دیکەش کوردیان کوشتبێت ئەوا هۆیەکەی بۆ دەست تێکەڵی کۆنەبەعسی و سەدامییەکان دەگەرێتەوە لەگەڵ گروپە سونییە ئسولّیەکان .

ناتونین بەوە بڕیاربدەین گەر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە قەتعی خۆی لە تێکەڵکردنی بە شەڕی توندڕەوەکان بپاراستبایە و پەرێزی خۆی پاك راگرتبا یەکی شوبات و تەقینەوەکەی بەردەمی وەزارەتی ناوخۆو شەهید کردنی هەریری و پەلاماردانەکەی ماڵی بەرهەم ساڵح لە سلێمانی نەدەبوو ، واتا ناکرێت بگوترێت هەڵوێستی شەڕانگێزی تیرۆرستان لەگەڵ کوردستان بەتەنیا لێکەوتەی ئەو گوتارە هێرشبەرەبووە کە میداکانی کوردستان دوای کەوتنی سەدام دەستیان داییەو وەگەڕیان خست ، چونکە ئەوانیش لە ناوخۆیاندا بیروو باوەڕو بۆچونی جیا جیا یان تێدایە کە هەندێکیان پەڕگیر و سەرکێشن هەندێکیشیان دوورنییە بهێنرێنەوە ناو بازنەی ژیانی سیاسی کوردستان بە جهودی پشودرێژانە .

ناردنی هێزی پێشمەرگەش بۆ شاری بەغدا یان هەرناوچەیەکی دیکەی نائارمی شیعی یان سوونی بەهەر بڕوو بیانوویەك بێت کارێکی خوار و خێچەو لە بەرژەوەندەی هەڵوێستی هەنووکەی واقیعی سیاسی کوردستان نییە ، بەڵکو ئەو دەنگوباسە گەر ببێتە راستی دیسانەوە ئێمە دەست دەکەینەوە بە هەمان ئەوهەڵە زەقانەی کە پێشوتر لە ناهۆشیاریمانەوە کردمانن و بەسەرماندا تێ پەڕین و پاشانیش باجی گیانی گەورەماندا، باشە گەر ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەغدا مەبەست تیایدا تێوەگلاندن و تێئاڵاندنی زیاتری کورد لە شەڕی ئەمڕۆی توندڕەوانی عێراق نەبێت چ خوێندەنەوەیەکی بۆ دەکرێت .

ئایا بەغدایەك بە پۆلیس و سوپای عێراقی و میلیشیاکانی بەدر و مەجلسی ئەعلا و جەیشی مەهدی و لە دوایشدا بە هەزاران سەربازی مارێزن و تایبەتی ئەمریکی کۆنترۆڵ نەکرێت بە هێزی پێشمەرگە ئارم دەکرێتەوە ، ئەو هێزەی بەبەراورد لە گەڵ ئەو لایەنانەی کە لە سەروە ئاماژەم پێدان کەمترین شارەزایی و پسپۆڕی و پێدوایستیان هەیەو خراوەتە بەردەست ، باشە گەر ئەمڕۆ سوپای بەدر یان سوپای عێراقی بنێردرێن بۆ پارستنی ئاسایشی کوردستان هیچیان لە دەست دێت یان هەڵوێستی کورد چدەبێت؟

یان دیسانەوە قەناعەت بە کورد دەهێنن کە بەشدارە لە عێراق دەبێت هێشتا بەکردوە زیاتریش ئەو بەشداریە بسەلمێنێ ، بۆ دەبێت رشتنی خوێنی کوڕی کورد بە سەدان ساڵ لە شاخو کێو دۆڵ و هەردی کوردستان ئیکتیفا نەبێت و پێویست بکات شەقام و شۆستەو دیوارەکانی بەغداش بەڕەنگی سوری خوێنیان سوربچێت ، گەر بەشداریکردنی کورد لە عێراقی (عەلەویدا ) وەك سادق مووسەوەی لە بەرنامەی رەوتی پێچەوانەی کەناڵی جەزیرە ئاماژەی بۆکرد بە ناردنی دەیان کادیری سیاسی حیزبەکانی کوردستان و کارکردنیان بە تەواوی جهودی خۆیان بۆ بونیاد نانەوەی وڵاتی پەڕپووتی عێراق بەس نەبێت بەناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەغدا تەواودەبێت و قەناعەت دەکەن .

بۆ یە بەپاسەوانی کردنی پێشەرگە لە بەغدا کە هیچ پاساوێکی ماقوڵی نییە قوڕە گیراوە خەستەکە دەکرێتە سەر سەرمانەوەو هەش وەسەردەبین ، ئەوجا بەچاوی خۆمان دەبینین کە چۆن رۆژانە جیالەوەی بەدەیان تەرمی شێوندراوی گەنجی کوردی دەگەرێنەوە شارەکە ، ئەوندە ئارامی و هێمنی و سەقامگیریەشی کە هەیە لە دەستمان دەچێت و تەقینەوەو سەیارەی لومغرێژکراو هەراسانمان دەکەن باری کوردستانیش دەشێوێت ، ئێ بۆچی وا بەسەرخۆمان و خەڵکەکەمان بێنین بۆ خاتری کوڕی خەڵکی ؟